


# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٧٠) - دوو شەممە ٢٠١١/١٢/٢٦ ز - ساڵی حەڤدەهەم
٥ی (بەفرانبار)ی ٢٧١١ی کوردی- ٢ی (صفر)ی ١٤٣٢ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە





### لە ڕاپۆرتی لیژنەکەی سەرۆکی هەرێمدا باسی مەسیحیو یەزیدیەکان نەکراوە

# ڕاپۆرتی لیژنەکەی بارزانی: لایەنگرانی پارتی بارەگاکانی یەکگرتوویان سوتاندوە

**هەولێر-مەحمود یاسین**

**دوێنی بەرواری (٢٠١١/١٢/٢٥) لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی شاری زاخۆ و ناوچەکانی پارێزگای دهۆک کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە لە ڕێکەوتی (٢٠١١/١٢/٣) دەست بە کاربوو ڕاپۆرتێکی بۆ ڕای گشتی بڵاوکردەوە کە بووە مایەی سەرنجی زۆربەی چاودێرانی سیاسی بەوەی بەهیچ شێوەیەک باسی هێرشکردنە سەر مەسیحی و یەزیدییەکان نەکراوە.**

ئەگەرچی سەرۆکی هەرێم و زۆربەی ڕاگەیاندن و بەرپرسانی پارتی تەسویقی هێرشکردنە سەر مەسیحی و یەزیدییەکانیان دەکردو مەترسی لە ناوبردن و هێرشکردنە سەر سەرچاوەی ژیانو گوزەرانی کەمایەتیەکانیان دەکرد بۆ پەردەپۆش کردنی پاساوی هێرشکردنە سەر بارەگاکانی یەکگرتوو، بەڵام لە ڕاپۆرتی لیژنەکەی سەرۆکی هەرێم بە هیچ شێوەیەک ناوی مەسیحی و یەزیدیو کەمایەتیەکان ناهێندراوە ئەمەش ئاماژەیەک بە بازرگانی کردن بە مافی کەمایەتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

لە خاڵی سێیەمی ڕاپۆرتەکەی لیژنەکە هاتووە:» لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانەدا، کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا بەرامبەر بە بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کە کەمتەرخەمی بەرچاو دەبیندرێت لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنترۆڵ نەکردنی لایەنگرانیان لە هێرش کردنە سەر بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان». ئەم خاڵەی ڕاپۆرتەکە سەرجەم قسەو لێدوانی بەرپرسانی پارتی بە درۆدەخاتەوە کە لە ئاساتی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسانی ئەو حیزبە کە بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەیان گوت:» پارتی لە پشت ئەم ڕووداوانەوە نییە، بەڵام ڕاپۆرتی لیژنەکەی سەرۆکی پارتی دەڵێ لایەنگرانی پارتی بارەگاکانی یەکگرتوویان سوتاندوە«.




کەلێنێکی تری ڕاپۆرتی لیژنەکەی بارزانی بە بڕوای چاودێران ئاماژە نەکرد بوو بە چارەنووسی مەلا فتواچییەکەیە کە لە بەرواری (١٢/٢) مەلایەکی دۆستی پارتی بە ناوی (ئیسماعیل عوسمان سندی)، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی ڕەشید لە گەڕەکی پیشەسازی شاری زاخۆ کە لە وتاری هەینیدا هانی نوێژخوێنانی مزگەوتەکەی دابوو دەست بە خۆپیشاندان بکەن و دواتریش لە وتەیەکدا لەبەردەم خۆپیشاندەران داوای حکومەتێکی بە "ئەخلاق" دەکات، ئەمەش بە بەڵگەی ڤیدیۆی لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکرایەوە. ئەگەرچی ئەم مەلایە هەر زوو لە ڕووداوەکانی زاخۆدا دەستی تۆمەتی بۆ درێژکرا، بەڵام لە ئەنجامی ڕاپۆرتی لیژنەکەی بارزانی هیچ شێوەیەک ئاماژە بەو مەلایە نەکراوە..

**وتەبێژی یەکگرتوو:**

## دوای تاوتوێکردنی ڕاپۆرتەکە هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیەنین

سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنەکەی، دکتۆر (سەلاحەدین بابەکر - وتەبێژو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو) لە لێدوانێکی تایبەت وتی:» دوای تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی تەواوی ڕاپۆرتەکە لە مەکتەبی سیاسی لە نزیکترین کاتدا هەڵوێستی خۆمان لەم بارەیەوە ڕادەگەیەنین».

---

**پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو:**

## پێویستە فازڵ میرانی داوای لێبوردن لە هێزی پێشمەرگە بکات

### (26) پەرلەمانتار داوای لێکۆڵینەوە لە (30) هەزار فیداییەکەی بارزانی دەکەن

لەسەر لێدوانێکی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەوەی کە بارزانی (٣٠) هەزار چەکداری فیدایی هەیە و بەقسەیەک گیانی خۆیان بەخت دەکەن، لە بەرامبەریشدا (٢٦) پەرلەمانتار لە یاداشتێکدا داوای بەدواداچون بۆ ئەو هێزە چەکدارانە دەکەن و پەرلەمانتارێکیش دەڵێت پێویستە فازڵ میرانی داوای لێبوردن لەهێزی پێشمەرگەبکات.

پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان (حەمە سەعید حەمە علی) بە ڕۆژنامەی یەکگرتووی ڕاگەیاند:»بە گوێرەی دەستور عێراق و یاسایی حیزبەکان ناگونجێت کە هیچ حیزبێک هێزو میلیشیای هەبێت و پێویستە هەموو هێزەکان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەبن».

حەمە سەعید گوتیشی:» پێویستە کاک فازڵ میرانی داوای لێبوردن لە هێزی پێشمەرگە بکات، چونکە هێزی پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانیە و هێزێکە لەچوارچێوەی یاسادا ڕێکخراوە، بەڵام ئەو کە دەڵێت (٣٠) هەزار چەکدارمان هەیە کە خۆیان فیدایی دەکەن دیارە دەبێت ئەو هێزە سەر بە کەسێک یان حیزبێک بێت و ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی میلیشیاوە، ئەمەش نەگونجاوە لەگەڵ یاساکاندا، بۆیە پێویستە پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم لێپێچینەوە لەو هێزانە بکەن و ئەگەر هێزێکی واهەبێت ئەوە لە دەرەوی دامەزراوە ڕەسمیەکانە«

ئەو پەرلەمانتارەی یەکگرتوو ئاماژەی بەوەشدا:» پێویستە بزانرێت ئەو هێزانە بۆ ململانێ سیاسیەکان بەکاردەهێنرێن وسندوقەکانی هەڵبژاردن بەهێز یەکلای دەکرێنەوە لەلایەن لایەنێکەوە ئەگەر بیەوێت هەڕەشە بکات ئەمە ترسناکیەکی گەورەیە بۆ سەرپرۆسەی سیاسی و دیموکراسی کوردستان و پێویستە ڕێگا نەدرێت هیچ کەس و لایەنێک هێزی چەکداری تایبەت بە خۆی نەبێت، چونکە ئەمەپێچەوانەی یاسای ژمارە١٧ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستانە تایبەت بە حیزبەکان»

---

**ئەمینداری گشتی یەکگرتوو:**

## یەکگرتوو ئامادەیە لەوە زیاتریش قوربانی بدات لەپێناو چەسپاندنی فرەیی و ئازادی سیاسی

مامۆستا (سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) لە نوسینێکی بە ناونیشانی (لە پێشوازی ساڵی نوێ ٢٠١٢) وێڕای پیرۆزبایی لە گشت هاوڵاتیانی بەڕێزی مەسیحی وموسوڵمان وسەرجەم مرۆڤایەتی، ئاماژە بەوە دەکات ساڵی (٢٠١١) ساڵی پڕ لە چەرمەسەری و کێشمەکێش ، ساڵی ڕاپەڕینی گەلان و ڕابوونی گەنجان، ساڵی بێداری ئیسلامی و بەهاری عەرەبی، ساڵی چرۆکردنی جیهانێکی ترو ژیانێکی ترو دونیا بینیەکی تر ..

(مامۆستا سەلاحەدین) ڕایدەگەیەنێ ئەم ساڵ ساڵی دارمانی عەرش و تەختی سەرۆکایەتی چەندین سەرۆکی ستەمکار و پاشا و سەرۆک کۆمار و نەغرۆبوونی چەندین جێگر و وەلی عەهدی سەرۆکزادە ..
ساڵی کپ کردنەوەی دەنگی ناڕازی



بوونی جەماوەر و پشتگوێ خستنی کەیسی شەهیدانی ڕاپەڕینە سپیەکەی شوبات و ئازاری کوردستان .. ساڵی ڕۆژە دوکەڵاوییەکەی (١٢/٢) و جارێکی تر سوتاندنەوەی بارەگاکانی یەکگرتوو لە بادینانی دەلال و سەر بلند ..

ئەمینداری گشتی نووسیویەتی:» سیستەمی ئیداری و سیاسی هەرێم لە قەیرانی گەورەدایە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش بە ئەرکی خۆی دەزانێ بەردەوام باجی بوونی بداو ئامادەیە لەوە زیاتریش قوربانی بدا لە پێناو چەسپاندنی فرەیی و ڕێزگرتنی بوونی ئەویتر و ئازادی سیاسی و پێکەوە ژیانی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیی یە جیاکان و چۆڵنەکردنی ئەو سەنگەرە گرنگە بە پەیڕەو کردنی گشت میکانیزمە مەدەنی و ڕێوشوێنە یاسایی و دیموکراسیەکان..

---






**ڕاوێژکارێکی مالیکی:**

## ئەگەر دەوڵەتە ئیقلیمیەکان نەیەنە سەر خەت، لەوانەیە ڕەوشەکە خراپتر ببێت

**ڕاوێژکارێکی مالیکی دەڵێت کەیسەکەی (تایق هاشمی) سیاسیەو هەموو لایەنە سیاسیەکانی عێراق باش ئەوە دەزانن.**

(عادل بەرواری) ڕاوێژی نوری مالیکی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو دەڵێت کە کەیسەکەی تاریق هاشمی سیاسیە، «هەموو لایەکیش ئەوە دەزانێت». (بەرواری) وتیشی کە دەوڵەتە ئیقلیمیەکان ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە عێراق، بەڵام هیچ لایەکیان بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەوە نیە کە ڕەوشەکە تێک بچێت، ئەگەر ئەو لایەنە ئیقلیمیانە نەیەنە سەر خەت دوور نیە ڕەوشەکە ئاڵۆزتر ببێت.

لەبارەی هەڵوێستی کورد و ئەگەری ڕادەستکردنەوەی (هاشمی) ئەو ڕاوێژکارەی مالیکی وتی کە «کورد مالیکی ڕادەست ناکاتەوە تا ئەو قەیرانە بەرەو چارەسەر دەڕوات»، وتیشی کە هاشمی ڕازیبوونی خۆی نیشانداوە کە بچێتە بەردەم دادگایەکی سەربەخۆ کە دەستی هەموو لایەنەکانی لێ دوور بێت.

لەماوەی ڕابردوو هەریەک لە بارزانی و موقتەدا سەدر داوای بەستی کۆنگرەی نیشتمانیان کردبوو، کوتلەی عێراقیەش پاڵپشتی ئەو داوایە دەکات، بۆیە ئەگەری هەیە لە چەند ڕۆژی داهاتوو کۆنگرەیەکی نیشتمانی سازبکرێت، بەپێی قسەی (بەرواری) لەم کۆنگرەیە داهاتووی پرۆسەی سیاسی ڕوون دەبێت، بەوەی داخۆ ڕەوشەکە هێوردەبێتە یان بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات.